ماوەی چوار ڕۆژە ڕۆژنامەنووس ئەحمەد شامکی بەبێ بەیاری دادوەری لە ئامێدی دەستگیرکراوە

ماوەی چوار ڕۆژە ڕۆژنامەنووس ئەحمەد شامکی بەبێ بەیاری دادوەری دەستگیرکراوە.

دەزگای میدیایی حەوت ڕۆژ ڕایگەیاند، ئەحمەد شامکی پێیامنێری دەزگاکەیان لەشارچکەی شێلادزە لەسنووری پارێزگای دهۆک لەسەر ئاشکراکردنی دەسپێکی گێندەڵی دەستگیرکراوەو لە بەندیخانەیەکی ئامێدی بەندکراوە.

ئێم دەزگایە کە ڕۆژنامەنووس ئەحمەد شامکی وەک پێیامنێر کاری لەگەڵ دەکات ڕایگەیاند، لە ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردووە 26ـی حوزەیران، پێیامنێری دەزگاکەیان ئەحمەد شامکی بەهۆی هەوڵی ئاشکراکردنی دەسپێکی گێندەڵی پێیوەست بە فرۆشتنی زەوی و یەکێک لە شقامە سەرەکییەکانی شێلادزە لەلایەن هێزە ئەمنییەکان دەستگیرکراوەو گواستریەوە بەندینخانەیەکی قەزای ئامێدی.

هەروەها لە ڕوونکردنەوەیەکدا هاتووە کە ڕۆژنامەنووس ئەحمەد شامکی پێش دەستگیرکردنی هەڕەشەی لێکراوە لەلایەن بەرپرسانی ئەو ناوچەیە لەهۆی ئاشکراکردنی فرۆشتنی یەکێک لە زەویەکان، دواجار ڕۆژی چوارشەممە دەستگیرکرا و گواستراوە بە بەندیخانەیەکی ئامێدی.